# کاتژمێرەکانی کارنەکردنی پزیشککەت  خزمەتگوزاری چاودێری لەناکاو

## پرسیارە دووبارە بووەکان

### خزمەتگوزاری کاتژمێرەکانی کارنەکردنی پزیشکەکەت چین؟

خزمەتگوزاری کاتژمێرەکانی کارنەکردنی پزیشکەکەت BrisDoc کراوە دەبێت لەو کاتانەی کە پزیشکی نەشتەرگەرییت داخراوە، لە نێوان کاتژمێر 18:30 تا 8:00 لە هەموو رۆژێکی هەفتە، و 24 کاتژمێریش لە ڕۆژەکانی پشووی کۆتای هەفتە و پشووە فەرمیەکانی بانک.

خزمەتگوزاریەکە بریتیە لە خزمەتگوزاریەکی چاودێری لەناکاو، و بۆ ئەو نەخۆشانەیە کە پێویستیان بە یارمەتی یان ڕاوێژی پزیشکی خێرایە کە ناتوانن چاوەڕوانی پزیشکی خۆیان بکەن تا بەیانی داهاتوو لە کاردا بن یان لە دوای پشووی کۆتای هەفتە.

ئێمە گشت دەزگاکانمان هاوبەش دەکەین لەگەڵ خزمەتگوزاریەکانی تری کاتی ڕۆژ، و هەندێک جاریش لەوانەیە ژووری چاوەڕوانکردن هاوبەش بکرێت بۆ ئەو نەخۆشانەی خزمەتگوزاری تر بەکاردێنن.

### چۆن دەستم بە خزمەتگوزاریەکە دەگات؟

خزمەتگوزاریەکەی ئێمە بێ دیاریکردنی پێش وەختە نیە -  پێویستە ژمارە 111 لێبدەیت بۆ دەسگەیشتن بە خزمەتگوزاریەکانی ئێمە.

 NHS111 دەتوانن وەرگێڕ دابین بکەن ئەگەر ئینگلیزی زمانی یەکەمت نەبێت. لە هەموو مۆبایلێک و هێڵێکی زەمینیەوە بەخۆڕاییە.

وەرگرانی پەیوەندی لە NHS111 گشت زانیاریەکانی تۆ وەردەگرن و دەتنێرن بۆ گونجاوترین خزمەتگوزاری بۆ پێویستیەکانت. ئەگەر پێویستیت بە دەسگەیشتن بوو بۆ خزمەتگوزاریەکی پزیشکی گشتیت ئەوان دەتوانن کاتێکت بۆ دیاری بکەن بۆ پەیوەندیەکی تەلەفۆنی یان بۆ دیمانەیەکی ڕاستەوخۆ لە یەکێک لە بنکەکانمان. هەروەها لەوانەیە تۆ بۆ لای کەسی تر ڕەوانە بکەن وەک یەکەی برینی بچووک (MIU) یان بەشی فریاکەوتن.

**ئەگەر بارودۆخەکەت فریاکەوتنە یان مەترسیدارە لەسەر ژیانت پێویستە گشت کاتێك پەیوەندی بە 999 بکەیت.**

### پێویستم بە وەرگێڕێکە - دەکرێت ئەمە ڕێک بخرێت؟

ئێمە دەسگەیشتنی تەلەفۆنمان هەیە بۆ خزمەتگوزاریەکانی وەرگێران بۆ زیاتر لە 200 زمان.  تکایە سەیری تێبینیەکەی سەر مێزی پێشوازی کردنمان بکە بۆ زانیاری زیاتر، و کارگوزاری پێشوازیمان ئاگادار بکەوە ئەگەر پێویستیت بەم خزمەتگوزاریەیە.

هەروەها وەرگێرانی زمانی ئاماژەی بەریتانیش بەردەستە، گەرچی ئەمە پێویستە پێشووتر حجز بکرێت و لەوانەیە دووبارە دیمانەکەت ڕێک بخەینەوە بۆ ئەو کاتەی وەرگێڕێک بەردەست دەبێت ئەگەر پێشووتر ئاگادار نەکرا بینەوە دەربارەی پێویستەکەت بۆ ئەم پشتیوانیە.

### لە کاتی دیمانەکەم کێ دەبینم؟

تیمی کلینیکی ئێمە پزیشک، مەشقەوەری پەرستاری پێشکەوتوو و مەشقەوەری چاودێری فریاکەوتنی تێدایە، کە کەسانی کارامەن لە بواری ئەو چاودێریەی پێشکەشی دەکەن، و دەتوانن ڕەچەتەیەکت بۆ بنووسن بۆ هەر دەرمانێک کە پیویستت بێت.

ڕەنگە لە قەرەباڵغترین بنکەکانمان سەرەتا لە لایەن یاریدەدەرێکی چاودێری تەندروستییەوە ببینرێیت کە دەتوانێت پشکنین ئەنجام بدات، وەک پاڵەپەستۆی خوێن و پلەی گەرمی، بۆ یارمەتیدانی ستافی کلینیکی ئێمە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەولەویەتی دیمانەکەت.

## ئایا پێویستە چەند چاوەڕوان بم؟

پێشووتر دەربارەی دیمانەکەت ئاگادار کراویتەوە، بەڵام گرنگە ئەوەت لە بیربێت کە ئەمە تەنها ڕێنوێنییەکە. بەهۆی ئەوەی ئێمە خزمەتگوزارییەکی چاودێریی خێرایین، تیمی کلینیکی ئێمە سەیری نەخۆشەکان دەکات بەگوێرەی ئەولەویەت نەوەک ڕیزبەندی گەیشتن. هەروەها تەلەفۆن بۆ نەخۆشەکان دەکەن بۆ پێشکەش کردنی ڕاوێژ لە نێوان بینینی نەخۆشەکان بە شێوەی ڕوو بە ڕوو، و لەوانەیە هەندێك جار دوا بخرێت بەهۆی ئەوەی نەخۆشێکی تر پێویستی بە ئەمبولانسە یان بۆ ئەوەی بۆ نەخۆشخانە ببرێت.

ئامانجمانە کە بەلایەنی کەمەوە 80%ی نەخۆشەکانمان ببینین لە ماوەی 30 خولەک لە کاتی حجزکردی دیمانەکەیان، بەڵام لەکاتە زۆر قەرەباڵغەکان لەوانەیە کاتی چاوەڕوانکردنت زیاتر بێت لەوەی ئێمە حەزی پێدەکەین. کارگوزاری پێشوازی ئاگادارت دەکاتەوە ئەگەر چاوەڕوانکردنێکی زیاتر هەبێت - تکایە ئاگاداری بکەوە ئەگەر هەست دەکەیت دۆخەکە خراپتر دەبێت لەو کاتەی چاوەڕوان دەکەیت.

## دەمەوێت فیدباک بدەم دەربارەی ئەو خزمەتگوزارییەی وەرمگرت.

گەرچی ئێمە شانازی بەو خزمەتگوزارییە دەکەین کە پێشکەشی دەکەین، بەڵام درک بەوە دەکەین کە هەندێك جار کێشە سەر هەڵدەدات. فیدباکی تۆ - جا پۆزەتیڤ بێت یان نێگەتیڤ - یارمەتی ئێمە دەدات بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری بۆ باشترکردنی ئەو چاودێرییەی نەخۆشەکان وەریدەگرن.

ئەگەر کێشەیەکت هەیە، سەرەتا، کارگوزاری پێشوازیەکەمان ئاگادار بکەوە، کە لەوانەیە بتوانێت یارمەتیت بدات لە چارەسەرکردنی کێشەکەت. ئامانجمان ئەوەیە بەرزترین ستاندەری خزمەتگوزاری بەکاربەر پێشکەش بکەین و پێشبینی ئەوە دەکەین ستافەکەمان بە هەموو شێوەیەک یارمەتیت بدەن. ئەگەر ستافی ئێمە لە کلینیکەکە ناتوانن کێشەکەت چارەسەر بکەن ئەو کات دەتوانیت پەیوەندی بە تیمی نووسینگەی سەرەکیمان بکەیت:

- **لە ڕێگەی پۆستە بۆ Patient Feedback, 21, Osprey Court, Bristol BS14 0BB**
- **لە ڕێگەی ئیمەیل بۆ enquires@brisdoc.org**

گشت سکاڵاکان لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت و وەڵام دەدرێتەوە.

هەروەها لەوانەیە یەکێک لە کارتەکانی فیدباکی ئێمە بەکاربێنیت لەسەر مێزی کلینیکەکە بۆ ئاگادارکردنەوەمان دەربارەی بۆچوونت بۆ خزمەتگوزارییەکانمان.

## هەروەها ئێمە هانی فیدباکی پۆزەتیڤ دەدەین دەربارەی خزمەتگوزارییەکەمان و ستافمان.

کلینیککارەکان و ستافی کردارییمان بە دڵسۆزی کار دەکەن لە 365 ڕۆژی ساڵ، و 24 کاتژمێر لە ڕۆژدا و لە پشووەکانی کۆتایی هەفتە و پشووەکانی بانک و لە شەودا لە هەموو ڕۆژێکی هەفتەدا. ئەگەر ئەندامێکی تیمەکەمان زیاتر لە ئەرکی خۆی کرد، یان ئەگەر هەست دەکەیت "چاودێری نەخۆش لەلایەن ئەو کەسانەی گرنگی دەدەن" بە شێوەیەکی نایاب پێشکەش دەکەن، تکایە کەمێک کات تەرخان بکە و کارتی فیدباک پڕ بکەوە و ئێمە باشترین کارمان دەکەین بۆ گەیاندنی سەرنج و بیروبۆچوونەکانت.